السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەگەر خەڵکی بەهەشت بچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە -تبارك وتعالى- دەفەرموێت: «ئایا حەز دەکەن شتی زیاترتان پێببەخشم؟

له سوهەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خەڵکی بەهەشت بچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە -تبارك وتعالى- دەفەرموێت: «ئایا حەز دەکەن شتی زیاترتان پێببەخشم؟» دەڵێن: ئایا ڕوومانت سپی وگەش نەکرد؟ ئایا ئێمەت نەکردە بەهەشتەوە ورزگارت نەکردین لە دۆزەخ؟ خوای گەورە پەردە لادەدات، هیچ شتێک لەوانەی پێیان بەخشراوە وەکو بینینی پەروەردگار -عز وجل- لە لایان خۆشەویست نابێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر خەڵکی بەهەشت بچنە بەهەشتەوە، ئەوا خوای گەورە -تبارك وتعالى- پێیان دەفەرموێت: ئایا دەتانەوێت شتی زیاترتان پێببەخشم؟ خەڵکی بەهەشت دەڵێت: ئایا ڕوومانت سپی وگەش نەکرد؟ ئایا ئێمەت نەکردە بەهەشتەوە ورزگارت نەکردین لە دۆزەخ؟ خوای گەورە پەردە لادەبات وبەرزی دەکاتەوە؛ پەردەکەی لە نور ورۆشناییە، بۆیە هیچ شتێک لەوانەی پێیان بەخشراوە وەکو بینینی پەروەردگار -عز وجل- لە لایان خۆشەویست نابێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8344

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee